## حەز ناکەم کوردستان رزگار بێت....!

**ئیمان بۆتانی**



imanbotani@hotmail.com



*بەندی ئاسن*

*بۆ ئەندامی زاوزێی مێ ینە*

**بەڵێ بە ئاشکرا دەڵێم حەز ناکەم کوردستان رزگار بێت........ .**

**دەبێتە گو، وە(skit)وشەیکی لیکدراوی سویدییە،ئەگەر جودای بکەینەوە skitstövel**

**جزمە ،بە کوردی لێکدانی ئەم دوو وشەیە بۆ خوێنەری بەرێز بە جێ دیلم دەبێتە(stövel)**

**لەو دوو ریزەی سەرەوەدا مەبەستم ئەوە نییە لە سەر زمان بدوێم یان شیبکەم ج کوردی بێت یاخود سویدی و بسپۆریش نیم لەم بوارەدا بەلام.... .**

**لە کۆمەڵگای سویدیدا ئەگەر ویستت کەسێک بە توندی بشکێنیت و جنێوی پێ بدەی          بەکار دەهێنیت بۆ گەرمکردنی شەڕ ،کەس باسی خوشک ،ژنskitstövel  ووشەی دایک و ئەندامەکانی زاوزێیان ناکات .ئەگەر پەنابەرێک(بێگانەیێک)"لە بەر ئەوەی   زانیاریی کەمە لە سەر شێوازی جنێودانی سویدی" ئەم جورە جنێوانە بە کاربێنێت بەرامبەر بە سویدیێک ،نێری سویدی لە وڵامداناوەدا "دەڵێت ئەمە شتێکە لە نێوان ئیوەدایە ،من وەک خزمەت دەبینم چونکە دایکم دەمێکە پییاوی نەبووە".ئەم قسەیەش راستە و رویداوە ،خوم دروستم نەکردوە .**

**مەبەست لەم نمونەیە  هەڵسنگاندنی کومەڵگای سویدی نییە لە گەڵ کوردستاندا خوێن لێبەربووەکەم،هەموومان دەزانین جیاوازییەکان زۆرن ،من ئەم جۆرە هەڵسنگاندنەش بە ڕەوا نابینم و ئەمەش بابەتێکی ترە، وروژاندنی خۆی هەیە بەڵام پێم خۆشە بە کورتی  ئاماژە بەوە بدەم، جاران،لە سەدەی ناوەراستدا کە پییاوی ئەوروپی دە چوو بۆ گەشتوو گوزار هەڤاڵکراسێکی(دەرپێ ژنانە)ئاسنی ئەکردە بەر ژنەکەی و بە کلیل ئەیبەست لە سەر ئەم ژنە تا ئەوکاتەی خۆی دەگەڕاییەوە بو ماڵ، ئەوسا ئەندامی زاوزێی ژنە داماوەکە  ئازاد دەبوو لە ئاسن ،ئەمرۆش کومەڵگای سویدی بێ بەش نییە لە کێشەی ئافرەت "هیچ کومەڵگایەک نییە لە هەمو جیهاندا بێ بەش بێت لەم جورە کێشانە ئەمەش یاسای سروشتە"،رۆژانە بە دەییەها ئافرەت  لێدان دەخوات  بە دەست پییاو بەڵام یاسا هەیە بۆ پشتگیری ئافرەت تاکو مافە دادوەرییەکانی خۆی نەدورێنێت و  بەرامبەر پییاو بوەستێت بە یارمەتی  یاسا،  بە بریار و ویستی خۆی نەک بە فشاری کومەڵگا و خێزان یاخود ئابوری.**

**کە سەیری ماڵپەرە کوردییەکان دەکەین ،ئەگەر دەنگوباسی ئافرەتی تێدابێت..کوژراوە،**

**لێدراوه ، خۆی سوتاندوه یان وەک شەترەنج بەکار هێنراوه، ئەگەر لە دەنگ و باسەکەدا ڕوڵی سەرەکی نەبێت ئەوه بە جنێودان لە نێوو ریزی ڕەشی وتارەکاندا باس دەکریت .**

**جێگەی داخه ، تا ئێستا لە سەدەی بیستویەکەمدا کۆمەڵکای کوردیی ئێمه بە بچوکترین**

**ناکۆکی ،بە ڕەوا و بێ ڕەوا پەلاماری ڕەگەزی مێینە دەدرێت هەر چەندە ناکوکییەکان لە نێوان پیاوادایه..! هۆییەکەی دەبێ چی بێت ..جگە لەو هۆکارە کلاسیکییانە کە هەمومان لە بەرمانە( وەک سرودی دێرینی ئەی رەقیب)کێشەی پولێتیکی،ناووشیاری کۆمەڵگا هەرچەندە نیوەی لە ڕەگەزی مێ پێکهاتووە)،یاخود بووه بە خو..وا راهاتوین و ناتوانین خومان ساخ کەین و بگورێن ،یانیش تاوانی دوژمنه..؟ خو دوژمن بۆیە پێ دەڵێن دوژمن چونکە هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە ،ستەم و تاوان.......بەرامبەرمان دەکات**

**بە دەست دوژمـن باپیر ،باوک، برا، کور، کچ،خوشەویست،هەڤاڵ،وڵات،ناو،کەسوکار، ئابرۆ،هەست،خوشک،ئەمەک،دایک،ناموس،سۆز،بیرکردن،....تەنانەت دارودرەختی**

**چیاکان،کێلی گۆرەکان، نێرگز و کەوەکانیش لە سێدارەدران.**

**ئینجا کوردستانێکی رزگارم بۆچی یە کە بە هەمان شێوە پەتی سێدارە دەخاتە ئەستوی منی مێ و لە سێدارەدانی خەونەکانم سەربـاردەکات....!؟؟؟ منی ساویلکە و بێگەرد**

**ئەوەندە ساڵ و دەمە جاوەرێی چی بوم....؟پایە پێدان بە ئافرەت وەک هەر مرۆڤێک،هەبوون و ڕێزلێگرتن،یاخود یەکسانی بە کردە نەک زارەکی کە تەنانەت بۆ ریکلام بێت.ئیتر کامەییان جێگای شانازییە..؟ لە ژێر دەستی دوژمن بین،سەرمان بێشێت و بە پەرۆیەک بی بەستین و بەرز هەڵبڕین یان لە ژێر دەستی "ئەم چارەک لەتە" کوردستانە**

**رزگارە بین و تەنانەت مافی بە کارهێنانی دەرمانی سەر ئێشەشمان نەبێت.بێگومان وەک مرۆڤێکی کورد و مێ تاوان وستەمی دوژمن بە هەموو توندی و دڕندییەکەی بۆمن خۆشتر و شیرینترە، هەمیشە بە توێزی هەر چییەکم بەرامبەر کرابێت هێزییان هەرگیز نە بووە و نەیان توانییوە و ناتوانن خەونە ڕەنگینەکانم لە سێدارە بدەن، بەڵام بەداخەوە پیاوی کورد دەیکات .پێشینان وتویانە پارەی رۆژی ڕەش بۆ رۆژی سپی ،ئەکرێ بڵێن خەباتی رۆژی ڕەش بو رۆژی سپی کە نیوەی لە سەر شانی ئێمە بوو،لە بەر ئەوەی تەواوکەری یەکترین لە ئەنجامدا کومەڵگامان لێ دروست دەبێت..لەم بوارەدا کۆمەڵگاییکی نەخوش،ئایە ئەمەتان دەوێت..بۆ پێشکەوتنی گەل و وڵات.؟ هەروەها پێشینان وتویانە هەر بەردێک لە شوێنی خوی سەنگینە ، ئەم قسەیە زۆر راستە بەتایبەت ئە گەر لەدەمی مرۆڤێک دەرچێت کە ئەزمونی تاڵی تاراوگای کێشا بێت، مروڤێک بە خواستی خوی وڵاتی بە جێ نەهێشتبێت،هەڵهاتبێت یانیش دوور خرابێت و چارەنوس گەیاندبیەتێ سوید.... وڵاتی تاریکی و هەورە بۆرەکان، ئەگەر هەتاو روی تێبکات وزەی لە چرای بەستێنەرێک(فرێزەرێک)زۆرتر نییە،جاران کەسانی پۆلیتیکی دور ئەخران و وەک سزادانێک لەم وڵاتە سارد و بێ روناکییە نیشتەجێ دەکران.**

**تاکو بیر نەکەن کە منی مێ هەڵهاتوو نیشتەجێ بومە ، رزگار نەبونی کوردستان بۆمن گرنگ نییە. هەمو تەمەنم لە سەر یەک چوار پێنج ساڵ لە کوردستان ژییاوم بەڵام**

**هەمو کات و چرکەیێک خەوم بە گەرانەوە بو ژێر باڵی گەرمی نیشتیمانم بینیوە ،**

**بەداخەوە ئێستاش وا دبیارە کە خەونەکانم لە ریزی لەسێدارەدان وەستاون ،زۆر نەماوە بانگ بکرێن بو لە سێدارەدا!!!!!!!!!!!!!!.................................!**

**تێبینی. ئەم وتارەم پێشتر نوسی بووم بەڵام پێم خۆش بوو ئەم وتارە بڵاو بکەم بەهۆی کوشتنی(دوعا) ئەو کچە ئێزیدیە........ کەچەند ڕۆژێک لەمەو بەر بەردباران کرا، ئەوەندە دەڵێم کە باوەشی گەرمی نیشتمانم ناوێت ئەگەر ژێدەری ئەو گەرماییە تەنانەت خوێنی بەرێووی مێ ینەیەکی کوژراوی وەک دوعا بێت..**

070327

# پاشده چون

ستەم ،زۆری و ویژدان نه بون
د گەل درەوێن مرۆڤان ل هەبون
پاشده برم هەزارەها سال
بێ باژێری ژیان ،شکەفت بوون مال
هینگێ مرۆڤان، هاوار
ب کالی کۆشتێ هەڤ د خار
من نه رمه نه کڤانه
دەور و بەرێ من ژی فەرمانه
گەر هەبن ژی چما خو ب پارێزم
نێ د جیهانا مار و هوڤانده
خاری مه و بێ هێزم

99.06.15